


# ملوانکە بۆ وەرزی بەهار



وەرزی بەهـــار بەوەرزێکی ناســك و قەشەنگ دەناسرێ، چونکە لەو وەرزە گوڵ و چیمەن و گیاو داروبار جوان و بەخنجیلانەیی خۆیان دەردەکەون، بۆیە دیزاینەران و ئامادەکارانی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان، دەڵێن: بۆ زیاتر دروســت کردنــی جوانی لەلایـــەن خانمان، دەبێ ئـــەو جلوبەرگ و ئێکسسوارانە بپۆشن کە لەگـــەڵ وەرزی بەهار دەگونجێ و هاوشێوەی مۆدەکانیان دەبـــێ، بەتایبەت ئێکســـوارەکان کە بەکەرەستەیەکی ناسك دەخەملێنرێت و دەبێ ئەو ڕۆڵەی خۆی ببەخشێ کاتێك دەپۆشـــرێ، ملوانکەش یەکێکە لەو ئێکســـوارە خنجیلانەی کە لەسەر ملی خانمان بەوپەڕی جوانییەوە دەردەکـــەون و دیمەنیـــان لەناسکترین شێوەدا دەبـــێ، بۆ وەرزی بەهار دەکرێ سوود لەملوانکەی بچووك وەربگرین، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکیش و جوانـــی هەیە، لەکاتێکـــدا دەکرێ ملوانکەی لەو جۆرە، وەك ئێکسسوارێکی ســـەرەکی بپۆشرێ لەگشـــت بۆنە و شـــوێنی تایبەت و تەنانەتماڵەوەش، چونکە شێوەیەکی بەنرخ و دیمەنێکی شیاوی هەیە، بەتایبەت کاتێك خانمان لەوەرزی بەهاردا جلی کراوە دەپۆشن، کە زیاتر مل و قۆڵـــەکان دیار دەبێ، بـــەو جـــۆرەش جوانـــی ملوانکەکە دەردەکەوێ.







# چۆنیەتی درێژکردنـ

گشت لایەنێك لەئامادەکاری بۆ جوانی و مۆدەی هەر بوارێـــك بگرە لە(ماکیاژ و جلوبەرگ و ئێکســـوار و کەرەســـتە) جێگەی بایەخـــی هەموو خانمێکە کاتێك بیەوێ جوان و بواری مۆدەی پێشکەوێ، لێـــرەدا چەندین لایەن هەن کـــە دەتوانین ســـوودیان لێ وەربگریـــن، لەوانە جوانی برژانگ، کە دیمەنێکی کاریگەر و جوانی هەیە لەماکیاژی ڕووخسار.

برژانگ، تـــا چەند درێـــژ و لار بێ، ئەوەندە بەناســـکی دەردەکـــەوێ، ئەمەش وادەکات کـــە دیمەنێکی ســـەرنجڕاکێش و جوان ببەخشـــێ، بۆیە چاکترین ڕێگە بـــۆ درێژ بوون و جـــوان بوونی برژانگ، پێویســـتە ڕۆژانە بەفڵچـــەی برژانگ بەکاربهێنرێ بۆ زینـــدوو کردنەوەی دەقی برژانگەکە، چاکترین ڕێگـــە کاتێك بڕێك ڕۆنی گەرچەك لەسەر فڵچەوە بەکاربهێنە کە ســـوودێکی گرنگی هەیە لەدرێژبوونی برژانگ کاتێك برژانگ درێژ بێ، دەکرێ بەئاسانی ئاڕاستەی شێوەی بگۆڕدرێ یان بەو شـــێوەیەی دەتەوێ بەماسکارا و فڵچە ڕابگیـــرێ، چەندین ڕێگەی دیکەش هەن، لەوانە:

- دەکرێ ســـوود لەڕۆنـــی باوی وەربگریـــن، کە ئەویـــش کاری بریقە کردن و جوانکردنـــی برژانـــگ دەبینێ، ئەمەش کاتێك بڕێك لەڕۆنی باوی دەخرێتە ســـەر ماســـکارا یان فڵچەی برژانگ، کە باشترە ڕۆژانە دوو جار ئەو کارە بکرێ، بۆ ماوەی

# جوانی دەستە جل لەمۆدەی جوانکاری

دەتوانیـــن شـــێوازێکی بـــەرز لەمۆدەیەکی جلوبـــەرگ ڕێکبخەیـــن، بەتایبـــەت کاتێك دەستە جلێك دەبێ، چونکە جوانی دەستە جل، هێمایەکی ڕێکخســـتن و یەکڕیزی دەنوێنێ، دەســـتە جل بەو کۆمەڵە جل و ئێکســـوار و کەرەستەیە دێ، کە بەیەکەوە دیمەنێکی جوان دەردەخەن، تەنانەت جیاکردنەوەیان دەبێتە هۆی ناشیاوی هەر یەکە لەو کەرەستانە، ئەو دەستە جلـــەی ئامادەمان کردووە، بریتییە لەدەســـتە جلێکی قەشـــەنگ و ســـادە، کە بۆ هەردوو وەرزی بەهار و پاییز دەگونجێ بپۆشرێ، لەو کاتەدا دەستە جلەکان دیمەنێکی ڕازاوەیان هەیە کاتێك یەکێك لەکەرەســـتەکانی بەشـــێوەیەکی سەرەکی دادەنرێ.

لەم دەســـتە جلـــەدا، پانتۆڵـــی جینزەکە، ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینێ، واتە دەبێ گشـــت کەرەستەکانی دیکە، خۆیان بگونجێنن لەگەڵ جوانی جینزەکە، چونکـــە دیمەنێکی جوان و قەشـــەنگی هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕەنگ ڕۆڵێکـــی گرنگتـــر دەبینی لەڕێکخســـتنی کەرەســـتەکانی جلوبەرگ یان دەســـتە جل، چونکە بوونی دوو ڕەنگی هاوشـــێوە وادەکات کە دەستە جلەکە بەجوانتر و ڕوونتر دەربکەوێ، لەم دەســـتە جلەدا توانراوە ڕەنگی دیاریکراو هەبێ و ئەگەرچی گشت کەرەستەکان لەگەڵ یەکتر جوانییەکی ڕازاوەتر و جوانتر دەبەخشن، کەرەستەکانی ئەو دەســـتە جلە پێکهاتووە لە: پانتۆڵی جینز – کـــراس یان بۆدی – پێڵاو – ئێکســـوار بەگشت جۆرەکانیەوە- جەنتای دەست.





## ی برژانگی چاو

هەفتەیەك كە لەدواتر بریقەی برژانگەكەت بەسانایی دیار دەبێ.

- هەروەها دەتوانین پارچە پەمۆیەك بهێنین و دواتر بخرێتە ناو (شیر)ێكی پاك، پاشان بەسەر برژانگەكاندا دابهێنرێ، چونكە شیر كاتێك بەمووی برژانگ دەكەوێ، وادەكات كە برژانگەكە زیاتر درێژتر بێ و ڕەگەكەشی پتەوبێ.

- هـەر چەند ئەو ڕێگەیـە دوورە، بەڵام دەتوانیـن سـوود لەپیـاز وەربگریـن بۆ درێژكردنی برژانگ، ئەمەش كاتێك دەكرێ پیازێك بهێنین و لەنـاو فنجانێك لەڕۆنی زەیتوون بكوڵێنرێت و دواتر بەتێكەڵی پیاز و ڕۆنەكە، بخرێتە سەر برژانگەكان بەمەرجێك نابێ ئەو گیراوەیە بەر چاو بكەوێ.



## جلی بووك لەشێوەی جلی كوردی

جوانـكاری لەكوردەواریدا لەسـەر مۆدەی پێشووتر دەڕوات، تەنانەت هەندێك لەكاری تازە جێگەی نوێكاری و تازەگەرییە، بەڵام ئەوەش مانای پاراسـتنی كلتوور و مـۆدە و جوانی پێشوو بەمەبەست لەداهاتوودا ئەو نەشونمایەی پێشـوومان لەبیر نەكەین و پـەرەی پێبدەین، جلی كوردیش هێمایەكی جـوان و دیمەنێكی قەشـەنگی هەیە لەشێوە و سـتایل و جوانی، كاتێكیش كە خانمانی كورد دەیپۆشن. یەكێك لە ڕۆژە جوان و خۆشەكانی خانمانی بووك ڕۆژی ئاهەنگەكەیەتی كـە دەكرێتە خانمە بووكێكی جوان، لەو ڕۆژەش پێویسـتی بەجلێكی جوانە تاوەكو بەناسكی و وەك شازادەیەك دەربكەوێ. ئامادەكاران و دیزاینەرانی كورد ئەوانەی كاری دروسـت كردن و مۆدەی تازەی جلی كوردی دەكەن، بیریان لەكارێكی جوان كردۆتەوە، ئەویش دروسـت كردنی كراسی بووكی ئافرەتان لەسەر شێوەی جلی كوردی، جلی بووك جوانتر دەبێ كاتێك كوردانە بێ و لەسەر نەخشی پێشووتردا ئامادەكرابـێ، چونكـە دیمەنێكی كوردی و جوانی پێوە دیار دەبـێ، لەبەرامبەر ئەو



كر ا سە بیانیەدا، كراسـی كوردی بـۆ خانمانی بووك جێگەی جوانی و ناسكی خۆی دەنوێنێ، بۆیە دەكرێ جلی بووكیش لەكراسـی كوردی بێ، چونكە كراسـی كوردی وەك یەكێك لەكراسە جوانـەكان دادەنرێ، كە دیزاینێكی جوانی هەیە و لەشـێوەی خۆی دەرناچێ كاتێك كراسێكی بووك لەسەری دروست بكرێ.



## ستایلی تەنوورە و گونجاندنی لەگەڵ جلوبەرگدا

جلوبەرگ لەوەرزی بەهار كاریگەریی خۆی هەیە و دەكرێ سـوودێكی گـەورە ببنین لەجلوبەرگ لەو كاتە ناسـكەدا، چونكە كاریگـەری جلوبەرگ لـەوەرزی بەهار زیاترە لەوەی لەوەرزەكانی تردا، لەبەهار پێویستە جلەكان زوو زوو بگۆڕدرێـن و هەروەها كەشـی ئـەو وەرزە لەبارە بۆ پۆشـینی جلی كورت و تەنك و سـادە، یەكێك لەو جلانـەی كە زیاتـر لـەوەرزی هاوین و بەهاردا مۆدەی دەردەكـەوێ، ئەویش تەنوورەیە. شـێوازی تەنـوورە بەهـەردوو جۆری كـە كورت و درێژە، هەر یەكە بەپێی خواسـت و حەزی خانمان دەردەكەوێ، لێرەشـدا باس لەجوانی و قەشـەنگی تەنوورەی كورت دەكەین، كە هاوینی ئەوساڵ دەبێتە مۆدەیەكی بەرچاو و جیهانی. تەنـوورەی كورت، جوانییەكی خنجیلانـەی هەیە، كە دەكـرێ لەگەڵ چەندین جلوبەرگ بپۆشرێت، ئەو جۆرە جلە دیمەنی بچووكە لەسـەر جەستە، بەڵام جوانییەكـی كـراوەی هەیە، بەهۆی ئەوەی لەگـەڵ جلی دیكە خۆی دەگونجێنێ وەك: كاتێـك لەگـەڵ بۆدی و كـراس دەپۆشـرێ، شـێوەیەكی سەرنجڕاكێشی هەیە، هەمان كاتیش كاتێك لەگەڵ سـترێز و یان بەسادەیی دەپۆشرێ ستایلێكی ناسك دەنوێنێ، بەمەش دەكرێ سـوود لەجوانی ئەو جلە وەربگرین لەو دوو حاڵەتەدا، سـەبارەت بەڕەنگـی تەنوورە، گرنگ نییـە ڕەنگەكەی، بـەڵام دەبێ ڕەنگەكە لەگەڵ وەرزەكە بگونجێ، لەوەرزی بەهار ئەو ڕەنگانە زیاتر دەپۆشـرێن: قاوەیـی- شـین –پەمەیـی-ڕەش و سپی-وەنەوشـەیی (مۆر).









# تیپی مۆسیقای سلێمانی

تیپی مۆسیقای سلێمانی یەکێك بوو لەناودارترین تیپە میوزیکەکان لەحەفتەکان کە خزمەتێکی گەورەی بەفولکلۆر و میوزیکی کوردی کردووە، دامەزراندانی ئەو تیپە بەمەبەستی پاراستنی ڕەسەنایەتی و بوژاندنەوەو گەشەپێدانی هونەری کوردیی لەشێوازێکی نوێ و هاوچەرخدا، تیپی مۆسیقای سلێمانی لە(١٩٦٧/٥/٢٣) لەشاری سلێمانی، بەدەستپێشخەری کۆمەڵێك هونەرمەندی بەتوانا دامەزرا.

کاتێك تیپی هونەری ڕەشیدی میللیی لەشاری بەغداوە دێنە سلێمانی بۆ سازکردنی ئاهەنگێکی تایبەت، سەرۆکی ئەو تیپە (حەقی شبلی) توانای هونەرمەندە میوزیك ژەنەکانی سلێمانی دەبینێت، پێیان سەرسام دەبێت و داوایان لێ دەکات بۆ ماوەی (٢٠) خولەك بەشداری ئاهەنگەکەیان بکەن کە لەهۆڵی (سانەوی) سلێمانی پێشکەشکرا، ئەوانیش بەناوی (تیپی مۆسیقای سلێمانی)ـەوە دادەبەزن و چەند بەرهەمێك پێشکەش دەکەن کە دەبێتە جێی شانازی ئامادەبووان، ئەمە دەبێتە سەرەتاو هەوێنی دروستبوونی ئەم تیپە.

دامەزرێنەرانی تیپی موسیقای سلێمانی، بریتی بوون لەبەڕێزان (ئەنوەر عمر محمد قرەداغی- فەرەیدون سعید جعفر دارتاش-فرید عیسا نقر صرافیان- ولیم یوحنا خنا نیشو-محمد ئەمین حوسێن ئەحمەد)، هەروەها ئەو گۆرانیبێژانەی کە لەو تیپە بەشداریان کردووە و گۆرانیان گوتووە ئەمانە بوون (علی مەردان- تایەر تۆفیق - ڕەشۆل - ڕەسول گەردی - حەمە سالّح دیلان - حەسەن زیرەك - باکووری - هۆمەر دزێی- شەماڵ سائیب - فوئاد ئەحمەد - تەحسین تەها - حەمەجەزا و عەدنان کەریم - جەلال کۆچەر - قادر مەردان - فەرەج حاجی ڕەشید -عەلی عەزیز - تەحسین تەها- عەبدوڵای سەید زادە - وەلی سەیدزادە —توفیق عەلی - خەسرەو تۆفیق - شەهید عەبەی مەلا - عومەر خەزان - ئەحمەد شوشەچی -محەمەد نێرگز - سەلاح ڕەشید - حەمەجەزا عەلی - ناصری ڕەزازی - محەمەد ئیبراهیم (حەمەقوتو) - کەریم خەمزەیی...) !

ئەو ئامێرانەی لەو تیپەیان دەژەنی بریتیی بوون لە: (ساز —شمشاڵ و باڵەبان- تەپڵ (زەرب) — دەف)، هەروەها ئەو گۆرانیبێژانەی لەم تیپە بەشدار بوون و گۆرانیان دەگوت: (کەریم غەمزەیی — عەدنان کەریم-عوسمان خەیاتی کۆچ کردوو)، بەم جۆرە ئەو تیپە بەشداری دەکرد لەفیستیڤاڵ و ئاهەنگی میللی و تایبەت و گشتی، ئەو وێنەیە لەساڵی (١٩٧٩) لەهۆڵی (خولد) لەشاری بەغدا گیراوە لەکاتی گۆرانی گوتن.

# ئەستورکە بەپەنیری کوردی

کورد خاوەنی گەلێك کاری دەستی و دەست ڕەنگینیە، بەدەست و پەنجەکانەوە کاری جوان دەکەین و وەك دەریایەکی لەبن نەهاتووین، ئافرەتی کورد زۆر ئازا و چەلەنگە، بەتایبەت لەپێشوودا تەنانەت تا ئەمڕۆش



ئافرەتی بوێر و بەتوانامان هەیە، یەکێك لەو کارە جوانانەی کە ئافرەتی کورد لێ خاتوونە، ئەویش دروستکردنی (ئەستورکە بەپەنیرە)، خواردنەکانی دەست ئافرەتانی کورد چەندین جۆرن لەوانە: ئەستورکە بەپەنیر- ناسکە نان- هەرمیشك، هەر یەکە لەوانە خواردنێکی خۆشە و بەیانیان و جار جارە ئێوارانیش دەخوردرێت. لێرەدا باسی ئەستورکە بەپەنیر دەکەین کە چۆن دروست دەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئارد دەهێنرێ و دەکرێتە هەویر، هەویرەکە دوای ئەوەی بەجوانی دەشێلن ئینجا ئاگردان ڕێکدەخەن و سێر لەسەر ئاگرەکە دادەنێن، تاوەکو بەجوانی گەرم دەبێ، ئاگری ناو ئاگردانەکە خۆش دەکرێ بەدار یان پاشەڕۆی مەڕ و ماڵات کە پێی دەگوترێ (قشپل) یان سەرگین. دواتر لەسەر فەرشە ئەنگوتەکی هەویرەکە پان دەکەنەوە و دوو سەرکە پەنیر ورد دەکەن، هەندێ لەو وردە پەنیرە وردکراوە لەسەر لایەکی هەویرە پانکراوەکە دادەنێن، پاشان لایەکی دیکەی هەویرەکە بەسەر نانەکە دادەدەنەوە و جوان ڕۆخەکانی دادەخرێ یان قەپات دەکرێ، ئەوەش تا پەنیرەکە نەیێتە دەرەوە، ئینجا بەهۆی ناوبرێشکەوە دەیخەنە سەر سێرەکە و تاوەکو جوان دەبرژێ و سوور دەبێتەوە، دواتر دەخرێتە سەر سنی و ئامادە دەبێ بۆ خواردن.


**ئا: وێنە — ژیان دزەیی**



# چای به دارو ڕەژوو تام و چێژێکی جیاواز

زۆرن ئەو دیمەنە جوان و جیاوازانەی ژیان کە لەکاتی چوون بۆ دەشت و دەر دەیان بینین، یەکێك لەو دیمەن و وێنانە لێنانی چایە بەدار و ڕەژوو، لێنان و تامی چای بەئاگر و ڕەژوو خولیا و ویستی زۆرانێکە لەکاتی چوونەدەرەوە و هەندێ کەس بەتامەزرۆییە و خەریکی ئەو کارە دەبن و چێژی لێ وەردەگرن، هەندێك کەسیش هەن لەماڵەکانیان گەر بەڕەژوو چای لێنەنێن دڵیان داناکەوێ، ئەو کەسانەی ئارەزووی چای دەکەن بەئاگری دار هەر لەسەرەتای گەیشتنیان دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی چیلکە دار و داری وشك بۆ ئەوەی چاکەی پێ بکوڵێنن یان هەندێکیان لەگەڵ خۆیان دار دەبەن یا ئەوەتا ئاگرکە لەژێر بەرد دەکەنەوە یان لەسەر مەقەڵە، تام و چێژی ئەم چایەیە زۆر جیاوازتر و خۆشترە لەوەی ڕۆژانە ئامادە دەکرێت.

**ئا: ڕەوەند بەختیار**





# ١١ی ئازاری ئێستا و پێشوو

١١ی ئازاری هەموو ساڵێك وەك بۆنەیەك و مێژوویەکی بەنرخ دادەنرێ لەمێژووی کورد، هەموو ساڵێك لەو ڕۆژە لەکوردستان دەبێتە پشوویەکی فەرمی و خەڵکیش بەکراسی کوردی یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە کە مافی گەلی کوردی لێدراوە، ئەمەش کە بەیاننامەی ١١ی ئازارە بۆ پێدانی حوکمی زاتی کورد لەکوردستانی عێراق، دوو وێنەی جوان گوزارشت لەو یادە دەکەن، کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١ لەشاری سلێمانی، کە خانمان و کچانی کورد لەو ڕۆژەدا جلوبەرگی کوردیان پۆشیوە و یادی ئەو بۆنە جوانە دەکەنەوە، لەهەمان ڕۆژیشدا لەدوای (٤١) ساڵدا، کچانی کورد ئەوساڵ دیسانەوە بەجلە کوردی و قەشەنگەکانیان یادی ئەو بۆنەیان کردەوە، تەنانەت گەنج و کوڕ و کچ و منداڵ و گەورە، جلی کوردییان پۆشی بۆ ئەو یادە خۆشە و پڕ .سەروەرییەی گەلەکەمان

# کارمن ئایدڵی بەدەست هێنا



لەدوای پێشبڕکێیەکی بەردەوام لەنێوان پێشکەشکارانی بەرنامەی (عەرەب ئایدڵ) کە بەرنامەیەکی جیهانییە و بۆ دەرخستنی خاوەن خۆشترین دەنگ تا لەداهاتوودا هونەرمەندێکی بەهێزی لێوە دروست بکەن، بە بەشداری چەندین کچان و کوڕان لەسەرتاپای وڵاتە عەرەبییەکان، تەنانەت لەکوردستانیش جەماوەرێکی زۆر سەیری ئەو بەرنامەیەی دەکرد، وەك پێشبینی دەکرا کە کچە بچکۆڵەکەی وڵاتی میسر (کارمن سلێمان) نازناوەکەی بەدەست هێنا، کارمن، هەرچەندە تەمەنی بچووکە و (١٧) ساڵە، بەڵام توانایەکی بەرزی هەیە لەگۆرانی گوتن و خاوەن دەنگێکی خۆشە، کە سەرتاپای لیژنەی بەرنامەکە و جەماوەری سەرسام کرد، ئەو کچە وەك فەرەحی خوشکی دەڵێ: کارمن لەمنداڵیەوە گۆرانی دەگوت و تەنانەت هەندێك شەو هەبوو لەبەر کارمن خەومان نەمابوو بەهۆی گۆرانی گوتنیەوە، زیاتر خوشکی کارمن دەڵێ: تەنانەت کاتێك لەگەرماویش خۆی دەشۆرێ، دەنگی دەگەیشتە دەرەوە، ئەوەندە خەریکی گۆرانی گوتن بوو، ئەوەندە گرنگی بەخۆ شووشتن نەدەدا.

تابلۆ

# منداڵە چاو بە گریانەکە



ئەمە تابلۆی گەورە وێنەکێشی ئیتاڵی (جیوڤانی براجۆلین)ە، کە باس لە منداڵێکی چاو بە گریان دەکات، چیرۆکی ئەو منداڵە چاو بە گریانە لەم ڕووداوە ڕاستەقینەوە هاتووە. ئەو تابلۆیەی منداڵە گرینۆکەکە، لە وڵاتی بەریتانیا دوای ئەوەی لە شوێنێك ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە، لەم ئاگرەدا هەموو شتێك سووتاوە، تەنیا ئەو وێنەیە نەبێ، کە لە ناو ئاگرەکە بینراوەتەوە وەکو خۆی ماوەتەوە، وادیارە لە پێشوودا وێنەکێشەکە ئەو ماددەیەی بەکارهێناوە کە گڕ ناگرێت، ئێستاش ئەو وێنەیە لە وڵاتی بەریتانیا زۆر خۆشەویست بووە تەنانەت لە زۆربەی ماڵەکانی ئەو وڵاتە هەیەو کۆپی لێ گیراوەتەوەو چاپکراوەتەوە.

## پەندی ناوداران



### لێبوردەیی

گاندی دەربارەی لێبووردەیی دەڵێ: مرۆڤی لاواز هەرگیز ناتوانێ لەکەس ببورێ، لێبووردەیی تایبەتمەندی مرۆڤە گەورەکانە.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش




بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کارێکی نوێت پێڕادەسپێرن، پێویستە بەباشی بیری لێ بکەیتەوە و بەجوانی لێی وردبییەوە، هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێکەت پڕۆژەکە بەزوویی جێبەجێبکەی و دوای نەخەی، چونکە ئێستا کاتەکەی گونجاو و لەبارە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەلایەنی خۆشەویستیەوە پەیوەندیەکی نوێ لەئاسۆوە دیارە، ئەگەر خوازیاری پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی ئەوا ئێستا کات لەبارە لەدەرگات دەدا، بەڵام تۆ نازانی چۆن دەرگای لێ بکەیەوە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئاگاداری باری داراییت بەو خۆت لەزیادە مەسرەفی بەدوور بگرە، لەبواری سۆزداریەوە پێویستیت بەکەسێکە لەژێر باڵەکانی بحەسێیتەوە و بەرەوژیانێکی جێگیرت دەبات.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەستی شەشەمت بەکاربێنە بۆ ڕوانین لەدوارۆژت و بێ بیرکردنەوە و ڕامان بڕیار مەدە، هەڤاڵێکی خۆشەویستت پێویستی بەیارمەتی تۆیە، چونکە تۆ تەنیا کەسی کە بەتەواوی تێی دەگەی.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەئیش و کارەکەتدا هەندێ کاریگەری جۆراوجۆر هەیەو بەشێکیان بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە بەسەرتدا دەشکێتەوە، بەهۆی بەهێزیت سەرکەوتن لێت نزیك دەبێتەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەندێك شتت بۆ ڕووندەبێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە هۆشی داگیر کردووی و ئەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ باری دەروونیت کەخۆزگە دەخوازی هەر تێنە گەیشتبای.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نەورۆز) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی مێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێرێکە لە ئوتۆمبێل بۆ کەمکردنەوە و زیاد کردنی خێرایی بەکاردێت)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (لە دەریا بچووکترە و دەڕوات)
- پیتی خانەکانی (٤+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی دەنگێکی ساف، لە مرۆڤدا هەیە)






### ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە (خاوەن وێنەکە ١)
٢- ڕووبارێکە لە لوبنان.
٣- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە.
٥- کەزی- دڕ(ت)
٦- کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانیە(پ)- ئێس (ت).
٧- پێنج پیتی مارلبورۆ- کۆمەڵە کەسێك- دوو پیتی سایە.
٨- هونەرمەندێکی کوردە.
٩-خۆم- ئازا(پ).
١٠ کچە گۆرانیبێژێکی فارسە(پ)- گۆرانیبێژێکی کۆچکردووی کوردە.
١١- هەموو کەسێك هەیەتی- تۆ (پ).
١٢- ئەکتەرێکی میسرییە (پ) (خاوەن وێنەی٣)- ڕاو.

### ستوونی:

١- شمشماڵژەنێکی کوردی کۆچکردووە.
٢- ناوێکی کوڕانە.
٣- پارێزگایەکی عێراقە- ئاین (ت).
٤- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە (پ)- وەکو یەك.
٥- نیوەی لیما- کامە(پ)- شاعیرێکی کورد بوو.
٦- باڵندەیەکە (ت).
٧- شتومەك- وەکو یەك.
٨- نەخێر(پ)- یاریزانێکی فەرەنسی بوو (پ).
٩- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە (خاوەن وێنە ٢) (پ)- گۆرانیبێژێکی فارسە(پ).
١٠ تەزیو(پ)- تکایە(ت).
١١- پەیام بەرێکە.
١٢- شارێکی کوردستانە.

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی خواردنێکی کوردیت بۆ دەربچێ.**

غ ۆ و ە ا د

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( سەفین)

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەمێك کاتت تەرخانبکە بۆیارمەتیدانی یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەت، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی غەریب و نەناس سوودی بۆت دەبێ بەتایبەتی لەلایەنی ڕۆشنبیریەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کات گونجاو نییە بۆ بڕیاردان، بۆیە پەلە مەکەو زیاتر لێکۆڵینەوە لەکێشەکان بکە تاچارەسەری باشیان بۆ دەدۆزیتەوە، چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکەتدا بەسەر دەبەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەوڵبدە دڵەڕاوکێت کەمبکەیتەوە کەماوەیەکە بەسەرتدا زاڵە، ناخۆشییەك ڕووت تێدەکات بەڵام کاریگەری خراپی نابێت، کات گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانت، خۆشەویستەکەت چاوەڕێی تۆیە پەیوەندی پێوەبکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بڕێك پارەت بەدەست دەگات، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەگەشبینییەوە سەیری خۆشەویستەکەت بکە لەبەر ئەوەی خۆشەویستەکەت نیەت پاکی خۆی پێڕاگەیاندووی.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

باری داراییت بەرەو باشی دەچێت و هەست بەئارام بەخشی دەکەیت، هەندێك لەهاوڕێکانت سەرکەوتنەکانت دەسەلمێنن، لەبواری سۆزدارییەوە کات لەبارە بۆ پڕۆژەیەکی یەکترناسین.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەو پڕۆژەیەی کەئەنجامەکەی لات دیار نەبوو قازانجێکی باش دەکەیت، لەبواری سۆزدارییەوە لێمەگەڕێ غرووری و لووتبەرزی ڕاستییەکانت لێ بزر بکات، گەر دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بکەیتەوە سوودمەند دەبیت.

## دیوانە شیعر



**ئەحمەد موختار جاف لە وەسفی (یار) دەڵێ :**

یار بەماچی لێوی خۆی زامی دڵان ساڕێژ ئەکا
توند تەماشا کردنێکی شەخسی عاقڵ گێژ ئەکا
ئەی خودا تاکەی لە دەرحەق من وەفاو مەیلی نیە
بۆچ ؟ گلۆڵەی بەختی من هەر، ڕو لە جێگەی لێژ ئەکا..
ماڵەکەم وێران ئەکا، ڕۆژم ڕەش و تاریك ئەبێ
یار، بەسورمەی ناز کە وەختێ چاو خۆی کل ڕێژ ئەکا

وشکە سۆفی هاتبوو ئەیووت بەهەشت هەر بۆ منە
ڕیشی خۆی جولان وەکو سابرێن کە شەو کاویژ ئەکا
کەی خودا توججارە، خوا گەورە و غەفورو عادلە
چۆن لەگەڵ عەبدا ! حسابی قەرزی ڕۆژو و نوێژ ئەکا!
قافیە هەرچەندە تیکرارە بەڵام (ئەحمەد) هەر بەدڵ
هەر بەیادی تاقی ئەبرۆی تۆیە جار جارە نوێژ ئەکا


**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## نوکتە



- ڕۆژێکیان کوڕ و کچێك خۆشەویست دەبن دەچنە پیاسە، لەناکاو باوکی کچەکە بەرامبەریان دێ و کچەکە دەشلەژێ و بەکوڕەکە دەڵێ: چ بکەم ئەوە باوکمە، چی بڵێم؟؟
کوڕەکەش دەڵێ: ئەگەر باوکت قسەی کرد بڵێ ئەوە برامە!

## نوکتە



- ڕۆژێکیان کوڕ و کچێك خۆشەویست دەبن دەچنە پیاسە، لەناکاو باوکی کچەکە بەرامبەریان دێ و کچەکە دەشڵەژێ و بەکوڕەکە دەڵێ: چ بکەم ئەوە باوکمە، چی بڵێم؟؟

کوڕەکەش دەڵێ: ئەگەر باوکت قسەی کرد بڵێ ئەوە برامە!

- ژن و پیاوێك شەڕ دەکەن بۆ چەند ڕۆژێك بەنووسین قسە دەکەن، بەیانیەك ژنەکە لەسەر وەرەقەیەك دەنووسێ دەبێ ئەمڕۆ بچینەوە ماڵی باوکم، پیاوەکەش بۆی دەنووسێ: ئەمڕۆ کارم هەیە و ناتوانم..

ژنەکە ئەوجارە بەگەورەیی دەنووسێ: هەر دەبێ ئەوڕۆ بچینە ماڵی باوکم..

پیاوەکەش دەڵێ: ئێ باشە هاوار مەکە!

## مندالە چاو بە گریانەکە

تابلۆ



ئەمە تابلۆی گەورە وێنەکێشی ئیتاڵی (جیوڤانی براجۆلین)ە، کە باس لە منداڵێکی چاو بە گریان دەکات، چیرۆکی ئەو منداڵە چاو بە گریانە لەم ڕووداوە ڕاستەقینەوە هاتووە. ئەو تابلۆیەی منداڵە گرینۆکەکە، لە وڵاتی بەریتانیا دوای ئەوەی لە شوێنێك ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە، لەم ئاگرەدا هەموو شتێك سووتاوە، تەنیا ئەو وێنەیە نەبێ، کە لە ناو ئاگرەکە بینراوەتەوەو وەکو خۆی ماوەتەوە، وادیارە لە پێشوودا وێنەکێشەکە ئەو ماددەیەی بەکارهێناوە کە گڕ ناگرێت، ئێستاش ئەو وێنەیە لە وڵاتی بەریتانیا زۆر خۆشەویست بووە تەنانەت لە زۆربەی ماڵەکانی ئەو وڵاتە هەیەو کۆپی لێ گیراوەتەوەو چاپکراوەتەوە.

## دیوانە شیعر



**ئەحمەد موختار جاف لە وەسفی (یار) دەڵێ :**

یار بەماچی لێوی خۆی زامی دڵان ساڕێژ ئەکا
توند تەماشا کردنێکی شەخسی عاقڵ گێژ ئەکا
ئەی خودا تاکەی لە دەرحەق من وەفاو مەیلی نیە
بۆچ ؟ گلۆڵەی بەختی من هەر، ڕو لە جێگەی لێژ ئەکا..
ماڵەکەم وێران ئەکا، ڕۆژم ڕەش و تاریك ئەبێ
یار، بەسورمەی ناز کە وەختێ چاو خۆی کل ڕێژ ئەکا
وشکە سۆفی هاتبوو ئەیووت بەهەشت هەر بۆ منە
ڕیشی خۆی جولان وەکو سابرێن کە شەو کاویژ ئەکا
کەی خودا توججارە، خوا گەورە و غەفورو عادلە
چۆن لەگەڵ عەبدا ! حسابی قەرزی ڕۆژو و نوێژ ئەکا!
قافیە هەرچەندە تیکرارە بەڵام (ئەحمەد) هەر بەدڵ
هەر بەیادی تاقی ئەبرۆی تۆیە جار جارە نوێژ ئەکا

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## پەندی ناوداران



### لێبوردەیی

گاندی دەربارەی لێبووردەیی دەڵێ:
مرۆڤی لاواز هەرگیز ناتوانێ لەکەس ببورێ، لێبووردەیی تایبەتمەندی مرۆڤە گەورەکانە.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نەورۆز) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی مێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆ بکەیتەوە بەمانای (لەدەریا بچووکترە و دەڕوا)
- پیتی خانەکانی (٤+١) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی دەنگێکی ساف، لەمرۆڤدا هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئامێرێکە لەئوتۆمبێل بۆ کەمکردنەوە و زیاد کردنی خێرایی بەکاردێ)